قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو دەجەنگن دژی خوز وکیرمان لە عەجەمەکان -ناعەرەبەکان-: ودەموچاویان سوور، ولووتیان بچووک وپانە، چاو بچوک، دەموچاویان وەکو قەڵغانی کوتراو وایە، وپێڵاوەکانیان لە موو دروستکراوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو دەجەنگن دژی خوز وکیرمان لە عەجەمەکان -ناعەرەبەکان-: ودەموچاویان سوور، ولووتیان بچووک وپانە، چاو بچوک، دەموچاویان وەکو قەڵغانی کوتراو وایە، وپێڵاوەکانیان لە موو دروستکراوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو مسوڵمانان دەجەنگن دژی خەڵکی خوز وکیرمان لە عەجەمەکانن -ناعەرەبەکانن-، ولە سیفەتەکانیان: ودەموچاویان سپیە وسووری تێکەڵە، ولووتیان بچووک وپانە، چاو بچوک، دەموچاویان وەکو قەڵغان وایە لە خڕی وپانێتیدا، ولە قەڵغانی کوتراو دەچێت ئەمیش بەهۆی چڕی وزۆری گۆشت لە دەموچاویاندا، وپێڵاوەکانیان لە موو دروستکراوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11223